الاتحاد العام اللاجئين العراقيين
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

---

## لەکۆبوونەوەی پەرلەمانی بەریتانیا، دەیان ڕێکخراوی پەنابەری هاورا بوون بۆ پێک هینانی بەرەیەکی یەکگرتوو دژ بەسیاسەتی دەولەت بەرامبەر بە پەنابەران

لەژێر ناونیشانی (عەدالەت – نەك ناردنەوەو ئەشكەنجە) ، رۆژی 2005-11-2 لەپەرلەمانی بەریتانیا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ لێکولینەوەو خستنەرووی رێگاچارە لەسەر بارودۆخی پەنابەران و سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران سازدرا. ئەم کۆبوونەوەیە کەبەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەخەلکی پەنابەر و بە بەشداری چەندین ئەندام پەرلەمانی بەریتانی وئەورپایی و دەیان کەسایەتی ناسراو و هەڵسوراو لەبورای کیشەی پەنابەریتی و مافەکانی مرۆڤ بەری خرا، بەمیوانداریتی وپیشتیوانی بەریزان (Elfyn Llwyd و(Hywel Williams) و (Jean Lambert) لەئەندامانی پەرلمانی بەریتاتیاو ئەوروپا بەریوەچوو.
سەرەتای کۆبوونەوەکە لەلایەن حزبی سەوزەی بەریتانیاوە بەقسەوباس لەسەر گرنگی ئەم کۆبوونەوەیە دەستی پی کرد و وپاشان بەریز (Hywel) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا قسەکەرانی نیو کۆبوونەوەکەی ناساند و ئاماژەی بەدەوری هەریەکەیاندا لەبوواری بەرگری کردن لەمافەکانی پەنابەران دا. لەوانە: دەشتی جەمال لەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی یەوە، شیرزاد جەلال پەنابەری کوردی عیراقی کە بەرهەمی هەوڵ چالاکی یەکانی فیدراسیۆن لەگرتووخانەدەست بەسەرەکاندا ئازاد کرابوو،Gareth Peirce پاریزەر لەبوواری مافەکانی مرۆڤ،Liz Fekete نووسەری ماکینەی ناردنەوە-ئەوروپا لەگەل مافی مرۆڤ،،Nick Hildyard لە پرۆژەی پەنابەران، Jean Lamber ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و نوینەری حزبی سەوزی بەریتانیا،Emma لە کەمپینی بەرەی دژ ناردنەوەی پەنابەران (NCADC)، Doug Holton لەکەمپینی ناردنەوەی مندالانی پەنابەر راگرن، Leonard لەزامبابوای،. . .
دواتر کۆبوونەوەکە چووە سەرباس کردن و پیداچوونەوەی لایەنە ناهەموار و نیگەتیڤەکانی سیاسەتی دەولەتی بەریتانیا، کەلەدژ پەنابەران دەستی بۆبردووە. ولەم بارەشەوە ئاماژەبە لایەنی راسیستی ئەم سیاسەتەی دەولەتی بەریتانیا کرا و پەنجەخرایەسەر ئەوەی کەچۆن بە بەهانەی "شەری لەدژی تیرۆر" ەوە دەولەت کەوتۆتە پەلاماردانی پەنابەران وگرتن و راونانیان و دەستبردن بۆ تعزیبی نەفسی پەنابەران لەگرتووخانە دەست بەسەرەکاندا و لێرەشەوە ناکۆکی ئەم سیاسەتە لەگەل مافەکانی مرۆڤدا ئاشکراکرا.
لەم نیوەدا مەسەلەی ناردنەوەی پەنابەران بۆ وولاتەکانی عیراق وئیران و زامبابوای و وولاتەکانی ئەفریقا جیگای سەرنجی باس و قسەکەرانی کۆبوونەوەکەبوو کەتێگرا داوایان لە راگرتنی ناردنەوەی پەنابەرانی بۆئەم وولاتانەکرد. لەبەشێکی تری قسەو باسەکاندا لەسەر پێویستی کاری پێکەوەی و هاوپشتی و بەرەیەکی یەکگرتوو بەرامبەر بەم سیاسەتە دژ ئینسانی و حکومەتەکی توونی بلیر تاوو تۆکرا.

شایانی باسە دەشتی جەمال بەنوێنەرایەتی پەنابەرانی کوردو عیراقی لەم کۆبوونەوەیەدا ووتارێکی پێشکەش کرد کە تیادا ئاماژەی بەو هێرشە بەرفراوانەی دەولەتی بەریتانیا بۆ سەر پەنابەرانی کورد کرد و لەبارەی کیشەی پەنابەرانی عیراقییەوە ریگاچارەی خستەروو کە جیگای پەسەندی ئامادەبووان بوو. (دەقی قسەوباسەکانی دەشتی جەمال بەشیوەی سەربەخۆ لەراگەیاندنەکانی فیدراسیۆنیپەنابەرانی عیراقییەوە بلاودەکریتەوە)

پاشان ماوەدرا بە نوێنەرانی رێکخراو ولایەن و کەسایەتییەکانیتر بۆپیش کەش کردنی قسەوباسەکانیان. لەم بارەیەشەوە سەوسەن سەلیم لە رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستانەوە ووتەیەکی پیش کەش کرد. سەوسەن ویرای راگەیاندنی پشتیوانی و راوەستانی لەپال کەمپینی فیدراسیۆن باسی لەکوشتن وخۆکوژیو فراندنی ژنان وەك دیاردەیەکی رۆژ وە نائارامی و سەروکوتی سیاسی کرد لە عیراق و کوردستاندا وە ئاماژەی بە بإ دەربەستی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانی کرد بەرامبەر بە ئەوزاعی ئیستای عیراق. وە تاکید لەوە کرد کەدەبی ئەم سیاسەتی ناردنەوەیە ناکام کریتەوە ئەمەش بەیەك گرتووی هیزمان و فشاری زیاتر لەسەر حکومەتی بەریتانی، شایانی باسە قسەو باسەکانی سەوسەن لەلایەن ئامادەبوانەوە پیشوازی لیّ کرا.

لەکۆتایدا بەریز (Hywel) ی ئەندامی پەرلەمان ئەنجامی کۆبوونەوەکەی بەخستنەرووی چەند پێشنیار، کەجیگای پەسەندی تەواوی بەشداران ولایەنەکان بوو، گەلاڵەکردەوە، ئەو پیشنیارانەش کەبەتیکرا دەنگیان بۆدرا، بریتیبوو لە:

*- "پێك هینانی بەرەیەکی گەورە" دژ بەسیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران.

*- کار کردن بۆ پێك هینانی تۆریکی پەیوەندی گەورە لەئاستی ئەورپا بەمەبەستی رێکخستنی کاری هاوبەشی سەرجەم لایەنەکان.

*- ئامادەکردنی بریارنامەیەك بەناوی بەشداربوونی کۆبوونەوەکەوە وناردنی بۆ دەولەتی بەریتانیا.

*- کارکردن بۆ راکیشانی پشتیوانی ئەندام پەرلەمانی ترو رێکخراوە پەنابەری و ئینسانێکانی تر بۆ نیو ئەم بەرەیە.

*- دانانی کۆنفرانس و کۆبوونەوەی تری لەم چەشنە بۆ گەلالەی کارەکانی ئایندە.

ئەم کۆبوونەوەیە پشتیوانی کرابوو لەلایەن ئەم رێکخراو لایەنانەوە:

Refugee Project، CAMPACC، NCADC، Stop Deporting Children، International Federation of Iraqi Refugees، CARF، Asylum Aid، Asylum Rights Campaign، Peace and Kurdistan Campaign، Kurdistan Solidarity Committee، Halkevi Kurdish-Turkish Community Centre، The Green Party، Liberation

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
2005-11-4

www. federasion. org